# دەرکەوتن و پێناسەی جۆرەکانی توندوتیژی لە دوو ڕۆمانی بەندەر فەیلی و نیشتمانی سارادا

**(خوێندنەوەیەکی بەراوردکارانە بە پێی بۆچوونەکانی ئێسلاڤۆی ژیژەک)**


**هێرۆ کەریمی**

**(بانە)**


**(٢- ٢)**

بۆ وەڵامی ئەو دوو ڕستە پارادۆکسیکاڵەی نووسەر کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا باسی لێ کردووە، لەوانەیە بتوانین ئاوا ڕووبەڕووی پرسەکە ببینەوە کە مەبەستی نووسەر لە نووسینەوەی ئەو مێژووە بە جۆرێک لەو بەرپرسیاریەتییە داماڵێ، زەقکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆشنبیر و تاکی کوردە کە ئەگەر ئێمە پەروردەی کۆمەڵگە و پێکهاتەیەکین بە ناچاری و بە زەبری جوگرافیایەک تێوەی گلاوین، ئەی کەواتە ڕۆڵی تاکەکەسی چی لێ دێ؟ ڕۆڵی ڕۆشنبیری کورد کە لەو پرسەدا بێ هەڵوێست بووە بە چ ئاراستەیەکدا تێدەپەڕێ؟ ئەمانە هەموو ئەو پرسیارانەن دەبێ هەر تاکێکی کورد، وەک کەمینەیەک لەو کۆمەڵگەیە، کە بۆ خۆشی چەوساوە و ژێردەستی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکان بووە، لە خۆی بکات کە مرۆڤ چۆن دەتوانێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێ و هەڵوێستی ببێ؟ بنەماڵەی خایم کە سەنتەری چیرۆکەکەن بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکان باس لەو زوڵم و ستەمە دەکەن، کە لەلایەن هاونیشتمان و هاوزمانییەکان دەرهەقیان کراوە، هەموو کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک لە خەمێکی قووڵدا دەژین، هەر کام هێمایەکن لە ئازار و برین.

ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی نەوە دوا نەوەی جووەکانی سلێمانی لە زمانی هەر کام لە کەسایەتییەکان دێنێتە بەر باس. کارەکتەری سارا کوڕەزای خایم کە دەتوانین وەک کۆنوێنەری هەموو جووەکانی نێو چیرۆک باسی لێ بکەین، کەسێکە کە لەناو هەموو خەمەکاندا ژیاوە، واتە بوونی ئەو هەردەم لەگەڵ نەبوون و مەرگ بەرانبەر بووە، ئەو کە بەردەوام لەگەڵ مردووەکاندا دەژی هیچ شتێک لەسەر زەوی دڵخۆشی ناکات، تەنانەت بە هاتنە دنیای ئارۆنی کوڕی هیچ دڵخۆش نییە و دەیەوێ ئەویش لەو بوونە ڕزگار بکات.

سارا ڕازی نییە لە وڵاتێکدا ببێتە دایک کە هیچ پێناسە و شوناسێکی نییە. «سارا ڕازی نەبوو

بەوەی ئەو وەک دایکێک لە خاکێکدا منداڵی ببێت کە تاکوو ئەو ڕۆژەش دۆزەخێک بوو بۆ ئەوان» (ئەبراهام، ٢٠١٩: ٢٩١). بنەماڵەی سارا کە بەبێ خواستی خۆیان شاربەدەر کراون، شار بە بێ ئەوان بۆ سارا دەبێتە دۆزەخ و ناتوانێ چاو بە کووچە و کۆڵانەکانیدا هەڵبێنێ. «کۆچی ئەوان بۆشاییەکی خستووەتە ژیانی ئێمەوە کە بە هیچ شتێک پڕ نابێتەوە» (هەمان: ٣٥٦).

سارا کە بەردەوام لە ناو بیرەوەرییەکان و ڕابوردوودا دەژی، باس لە بەردبارانەکانی منداڵانی گەڕەک دەکات لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شەقامی جووەکان. «لە بیرم دێت هەموو جارێک لە کاتی گەڕانەوە بۆ شەقامی جوولەکەکان هەموو جارێک لەلایەن منداڵی ئەو گەڕەکە بەردباران ئەکراین» (هەمان: ٣٦٢). توندوتیژییەکی شایەد نەخوازراو، بەڵام داسەپاو کە لەلایەن منداڵانی گەڕەک بە ئەنجام دەگات. بیرەوەرییە تاڵەکانی سارا وای لێ دەکات کە بیر لە کوشتنی کوڕەکەی بکاتەوە. «دەست بنێتە سەر دەمی کۆرپەکەی و ژیانی لێ بستێنێتەوە» (هەمان: ٢٩٨).

توندوتیژی ئەو کۆمەڵگەیە وەها دزەی کردووەتەوە ناوئاخنی ساراوە، کە تا هەتایە لەناو مەرگ بژی و بەردەوام بیر لە مردن بکاتەوە. مەرگ و سارا دوو دیوی یەک دراون کە وەها تێکەڵ بە یەکدی بوونە ناتوانین لە یەکتریان جیابکەینەوە. عەشق بۆ ئەو، عەشق بۆ کەسە مردووەکان بوو، هەر بۆیە لەدایکبوونی کوڕی هیچ دڵخۆشی ناکات، بەڵکوو هەوڵی لەناوبردنیشی دەدات. ئەو لە ئاخافتن لەگەڵ سالاری هاوسەری باس لەوە دەکات کە لە ناو ڕوحیدا شتێک تێکشکاوە و ئیدی هەستانەوە وەک مەحاڵ دەبینێ. «سالار لە ناو ڕوحی مندا شتێک تێکشکاوە بە بیرم دێ بە منداڵی لە گەڕەکی جوولەکان بە دایکتیان



**بەختیار عەلی**

ئەوت ژنە ئێرانییەکە! ئەزانم ئای بەوە قەڵس بووم وامەزانی جنێوم پێ ئەیەن» (هەمان: ٣٠١). بە ڕای ژیژەک دروستبوونی ئەو جۆرە هەستە، توندوتیژییە زمانییە کە وردە وردە زەینی تۆ لاواز دەکات لەخۆنامۆبوونێک دروست دەکات کە خۆنەویستانە دەتخاتە تاقمی کەمینەیەکی ژێردەست کە هیچ بایەخ و شوناسێکت بۆ ناهێڵێتەوە و دەتخاتە بازنەیەکی بێ شوناسییەوە.

سارا کە پڕە لە بۆشایی و تەژییە لە پووچی و بێمانایی ژیان، هیچ ترووسکاییەک نابینێت بۆ ئەوەی جارێکی دی خۆی پێ هەستێنێتەوە، ئەو بەردەوام لەگەڵ ڕابوردوودا دەژی و لێی نابێتەوە، ئەمەش پێشاندانی دارمان و ڕووخانی ڕوحی سارایە وەک تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیە کە بووەتە قوربانی توندوتیژیی ڕەوشتی و سۆزدارانە.

تەواوی کارەکتەرەکانی ناو چیرۆک، خۆیان وەک کوردێکی نیشتمانپەروەر پێناسە دەکەن و پێداگرن لە سەر ئەوەی کە سلێمانی زێد و نیشتمانی باو و باپیرانیانە. لە زمانی باپیرە خایەمەوە کە بە حەکیمی کوڕی دەڵێ «سلێمانی شاری ئێمەیە و وڵاتی کوردستان جێگای باووباپیرانمانە

نـەک ئیسـرائیل، ئێمـە پێـش دروسـتبوونی شـاری سـلێمانیش لـە قەڵاچـووالان بوویـن و بـە ڕەنجـی شانی خۆمـان ژیاویـن (هەمـان، ٢٦٠ ). بـە گوێـرەی وەگێـڕ، ئـەوان تەنانـەت لـە دروسـتکردنی شـاری سـلێمانیدا ڕاوێژکاربـوون و ڕۆڵیـان گێـڕاوە. «ئـەوان خۆیـان یەکـەم بـەردی بناغـەی گەڕەکـی جوولەکانیـان داناوە. بـە پـارە و بیـری ئـەو بـازاڕ و ئابـووری شـار دروسـت کـراوە و بووژاوەتـەوە» (هەمـان سـەرچاوە). بـە پێچەوانـەی هەمـوو ئـەو ستەمانە کـە دەرهەقیـان کـراوە، بـەڵام لەسـەر شـوناس و زمانـی خۆیـان پێداگـرن و بـەردەوام هەوڵـی بڕگەیـەک دەدەن کـە بەرخۆدانـی تێـدا بکـەن، گەرچـی زۆر کـورت و بـێ کاریگەریـش بێـت، بـەڵام پێـی دڵخۆشـن، ئەمـەش ئـەوە پیشـان دەدات کـە ئـەوی دی گەورە لـە کۆتاییدا بوونـی نییـە و هیـوا و خۆڕاگـری بـەردەوام تووشـی نوقسـانی دەکات.

## نموونەی بەشێک لە جۆرەکانی توندوتیژی لە ناو ڕۆمانی (نیشتمانی سارا)دا

١. توندوتیژیی کارا (ئاشکرا)

١ -١ - لێـدان و کوشـتن و کۆمەڵکوژیـی جووەکان، پەلاماردانـی مـاڵ و حاڵیـان بـۆ ئـەوەی ببنـە موسـڵمان. «پەلامـاری مـاری جووەکانـی نـاو قەراتیـان دا، دوایـی تـاران کـردن و سـووتانی مارەکانیـان، کوشـتنیان بـۆ ئـەوەی ببـن بـە موسـرمان» (هەمـان: ١٠٢).

١-٢- بـە بڕیـاری نـووری سـەعیدی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق، جووەکان هەموویان دەستبەسـەر ئەکرێـن و موڵـک و ماڵیـان دەسـتی بـە سـەردا ئەگیرێـت (هەمـان: ٢٠٩).

١ -٣- کاتێـک مـەلا و دەروێشـەکان دەچنـە قوتابخانەیەکـی جـوو و لـە کاتـی دەرسـخوێندندا شمشـێر بـە دەسـت قوتابییـەکان سـەردەبڕن (هەمـان: ٩٩).

١-٤- لـە ڕێـگا هـەر دوکانێکـی جوویـان ئەهاتـە پێـش هەوڵـی تالان کـردن، یان سـووتانیان ئەدا... دەرگا و پەنجەرەکانیان شکاندن (هەمان: ٢١٨).

١ -٥ دەرکردنـی جـووەکان لـە سـلێمانی و هەولێـر: کاتێـک بـە فەتـوای مـەلا ئەبووبەکـر لەنـاو خانووەکانـی قەراتـێ دەرکـران و بـەرەو بەغـدا وەڕێ دەکـەون و ئـاوارە دەبـن (١٠١).

١-٦- دانی بـاج و جەزییـە بـە شـێخ و مەلاکان بـە هـۆی ئـەوەی جوو بوون (١١٦-١١٥).

٢. توندوتیژیی بـەرکار (شـاراوە) : بەسـەر دوو جۆری هێماییـن و سیسـتماتیکدا دابـەش دەبێـت.

٢-١. توندوتیژیی هێماییـن.

٢-١-١ ئـەو سنوورەی کـە تـرس و دوودڵـی لـە گەڕەکـدا بـە دەوری ئێمـەی جـوودا کێشـابوویان (١١).

٢-١-٢ ئـەو دەرد و بەڵایـە هەمـوو لـەو شـیوە پێمـان دەگات، ئـەو شـیوەی گوومیـزی هەمـوو خەڵکـی شـار بـە نـاو دەمارەکانـی ئێمـەی جـوودا تێدەپەڕێـت (٦٩).




میران ئەبراهام

٢-١-٣ بەردبارانی جووەکان لەلایەن منداڵانی گەڕەک، لە گەڵ دایکم پێکەوە لە گەڕەکی سەر شەقامەوە بۆ گەڕەکی جوولەکان دەگەڕاینەوە (٣٦٣).

٢-١-٤- ناسیۆنالیستەکان لە گەڵ گەیشتنیاندا جووەکانیان بەردباران کرد (٢١٨).

٢-١- ٥- هەڵدانەوەی گۆڕەکانیان و گەڕان بە نێو ئێسک و پروسکی مردووەکاندا بۆ دەستکەوتنی خشڵ و زیو (٢١٠).

٢-١-٦- جنێو و سووکایەتی پێکردن: کافرن، کافرن، جوولەکە پیس و کافرن (١٦٢).

٢-١-٧- بە منداڵی لە گەڕەکی جوولەکان بە دایکتیان ئەوت ژنە ئێرانییەکە (٣٠١).

٢-١- ٨- مەرگ دۆستی سارا

٢-١-٩- کۆچاندنی زۆرەملێیان بۆ وڵاتی ئیسرائیل

٢-١-١٠- لە قوتابخانەی ڕوشدییە نەیەوێرا لای کەس دابنیشێ (٢٠)

٢-٢- توندوتیژیی سیستماتیک: ئەم جۆرە لە توندوتیژییە لەلایەن نوێنەرانی سەرمایەداری و وڵاتانی لایەنگری لیبرالیزم و دیموکراسی بە ئەنجام دەگات. لە ڕۆمانی ناوبراودا کاتێک ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٧ بەغدا دەگرن، جووەکان پەنایان بۆ دەبەن بۆ ئەوەی لە دانی باج و جەزییە ڕزگاریان ببێت و وەک شارومەندێکی ئاسایی ژیان بەسەر بەرن، بەڵام بە نائۆمێدی ڕووبەڕوو دەبنەوە. لە یازدەی ئازاری ١٩١٧ کاتێک سوپای بەریتانی هاتنە ناو شاری بەغداوە، جووەکان بەم مەسەلە دڵخۆش دەبن کە چیدی جەزیە و باج نادەن و وەک شارومەندێک چاویان لێ دەکەن، بەڵام مام سلێمان و حاخام دوو کارەکتەری ڕۆمان کە وەک نوێنەری جووەکان دەچنە لای ئینگلیزەکان، بەو قەناعەتە دەگەن کە داگیرکەر هەر داگیرکەرە و باوەڕ ناکەن بەوەی ئەمانیش هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ عوسمانییەکاندا هەبێت (١٢٤).

٣. توندوتیژیی ناهێماییین

بەکارهێنانی ئایین و باوەڕ بە ژیانی دوای مەرگ، وەک ئامرازێک بۆ پاساوهێنانەوە بۆ ئیشوکارەکانیان بە ئاراستەی سەرکوتکردنی کەمایەتییەکان بۆ پێشڤەچوونی ئامانجەکانیان: «شێخ و مەلا و ئاغاکانیش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئازاری جووەکانی کوردستانیان ئەدا» (١١٢).

## ئەوەی دییەکی ناشوێن: بەندەر فەیلی

ڕۆمانی بەندەر فەیلی بەسەرهات و چیرۆکی ئەو منداڵە فەیلییەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە بەشی سێدارە لە یەکێک لە زیندانە گەورەکانی بەغدا، لە ساڵی ١٩٨٠ لە دایک دەبێ. سەید شەهاب یەکێک لە بەڕێوبەرانی بەشی سێدارەیە کە ڕۆڵی سەرەکی لە ناو چیرۆکدا دەگێڕێ، چونکە هەر لە زمانی ئەم کەسایەتییەوەیە کە زۆر لە نهێنییەکانی ژیانی بەندەر ئاشکرا دەبێ. بەندەر بە گوێرەی گێڕانەوەکان لە دایکێکی فەیلی لە دایک دەبێ (٢٤). بەندەر فەیلی ئەو منداڵەی ناوەخت هاتە دنیا و ناشوێن ژیا. ئەو لە ناو دەنگەدەنگی زڕەی زنجیری زیندان و ئاه وناڵە و تووڕەیی گیراوەکان و هیستریای پاسەوان و جەللادەکاندا گەورە دەبێت. ئەو هەموو چەشنە توندوتیژییەک ئەزموون دەکات. بە شێوازی دیار و نادیار، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تووشی توندوتیژی دەبێتەوە. بەندەر جگە لە توندوتیژیی ئاشکرا کە لەلایەن ڕژێمی بەعس بە سەر خۆی و کەسوکار و هاوڕەچەڵەکەکانیدا هاتبوو، ڕووبەڕووی هەموو جۆرە توندوتیژییەکی

تر دەبێتەوە.

چاندنی بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای ڕژێمی بەعس لە زەین و نیگای بەندەردا جۆرێکی تر لە توندوتیژیی پیشانی خوێنەر دەدات، کە بەسەر ئەو منداڵەدا هاتووە. «کە هاتمەوە دەبێ فێر بووبیت ئەم وشانە بنووسیت: بەغداد، بەعس، سەرۆک، بابە سەدام» (عەلی، ٢٠٢٢: ٩١). ئەم جۆرە لە توندوتیژییە کە ژیژەک بە ناوی شاراوە ناوی دەبات، لەلایەن داودەزگا ئایدیۆلۆژییەکانەوە بە سەر ئەوی دییەکاندا دەسەپێنرێ. ئیشی ئایدیۆلۆژییەکانیش پتر کارکردنە لە سەر زەینی منداڵان لە هەناو پەرەپێدان بە ئامانجەکانیان. بۆ وێنە ئایدیۆلۆژی خەلافەتی ئیسلامی (داعش) بە هەمان شێوە ئیشی لەسەر منداڵان دەکردە تا پەرە بە ئایدیۆلۆژی خۆیان بدەن و بیانکەن بە بەشێک لە خۆیان.

بەندەر کە هێدی هێدی لە ناو زینداندا گەورە دەبێ دەبێتە شایەتحاڵی لە سێدارەدانی دیلەکانی ناو زیندان. جەللادانی بەشی سێدارە بۆ ئەوەی بەندەر بەو جیهانەی کە تێیدا دەژی ڕابێنن، ڕۆژانە ڕاپێچی هۆڵی سێدارەیان دەکرد ئامانج لەم کارە بە گوێرەی نوێنەرانی توندوتیژیی ناو زیندان بە جەللادکردنی بەندەر بوو، واتە بەندەر مەحکوومە بەوەی ببێ بە جەللاد، توندوتیژییەکی ئاشکرا کە لەلایەن دامودەزگا سەرکوتکەرەکانەوە بە ئەنجام دەگات، ڕاستە کە بەندەر بەم پێیە مەحکووم دەبێ کە لە وڵاتێکدا بێتە دنیا کە ناوی عێراقە و لە ژێر سایەی سەرۆکێکی بێ بەزەییدا بژی، بەڵام ئایا خۆی مەحکووم بوون بەو جەبری جۆگرافیکە بەندەر دەکات بەو کەسایەتییەی کە جەللادەکان ئامانجیان بوو؟ بەندەر بە پێچەوانەی ناو و پاشناوەکەی کاریگەری ئەو شوێنە کار ناکاتە سەری و خۆی سەر بە هیچ ئایین و مەزهەبێک نازانێ، واتە لای ئەو ئایین و ئایینزا ڕەگەزنامە نییە، بەڵکوو ئەوەی شوناسی پێ دەبەخشێ لە سەروو ئەو چەمکانەوەیە کە بۆی پێناسە کرابوون «بەندەر بە پێچەوانەی ئەو شوێنەی لێی دەژیا مێردمنداڵێکی ناسکی لێ دەردەچێ» (هەمان: ٢٥٥). «ئەو دەیتوانی هەموو چەشنە مرۆڤێکی خۆش بوێت، هەموو جۆرەکانیان، سپی و ڕەش، لاواز و قەڵەو، دەم بەخەندە و گرژ، تاوانبار و بێ تاوان» (٢٥٦).

نووسەر لەم بەشەدا نیشانی داوە کە مرۆڤ چەند جەختی پێکهاتە و بەستێن بەسەریەوە بێ، دەتوانێ ڕۆڵ بگێڕێ لەمەڕ ئەوەی نەبێ بەو شتەی داگیرکەر دەیەوێ، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەتوانێ ڕۆڵی تاکیەتی خۆی نیشان بدات و سەر بۆ داگیرکەر و ستەمکار دانەنوێنێ.

هەر بەو چەشنە جگە لە بەندەر، خوێنەر ڕووبەڕووی کەسایەتییەکانی تریش دەبێتەوە کە بوون لە وەها کۆمەڵگەیەک کاریگەری نەرێنی نەکردووەتە سەریان. هەڵبەت لە کەنار ئەوەدا کەسانێک هەن کە هیوا و ئۆمێدیان لەو کۆمەڵگەیە هێشتووەتەوە، بەندەر بەردەوام ڕووبەڕووی دووانە لێکدژەکان دەبێتەوە کە دەتوانێت مرۆڤ بەسەر دوو دنیای جیاوازدا دابەش بکات. «هەستی کرد دەتوانێت مرۆڤەکان، بە سەر دوو جۆردا دابەش بکات باشەکان و خراپەکان» (١٨٩) لە پەنای ئەوەدا کە جەللاد، بەڕێوەبەر، ژنی مامۆستا فوئاد شەبیب، مەلا و تاد... هەن بەو دیویدا کەسانێکی تریش هەن وەک شادی پاسەوانی زیندان، نەوفەلی هاوڕێی، مامۆستا فوئاد شەبیب، ئەفسەری ناو پۆلیسخانە، شۆفیر و تاد... کە ناهێڵن هیوا بە ئاسۆیەکی ڕوون لەناو دڵی بەندەردا بمرێت.

بەندەر جار دوا جار و دوای هەوڵدانی هەڵاتن لە زیندان ڕووبەڕووی شکست دەبێتەوە! دەڵێیت بۆ دوا جار ئەو مەحکوومە بەوەی کە لە زیندان بمێنێتەوە و ئەوێ ببێتە مەنزڵگەی ئەبەدیی! بەڵام ئەم مەحکووم بوونە ئەوەندە دەوام ناهێنێت، چونکە کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ی زایینی ئەمریکییەکان بەغدا بۆردومان دەکەن تروسکەیەک هیوا بۆ ژیانی بەندەر دەگەڕێتەوە، بەڵام ئایا بەم ئازادبوونەی بەغدا لە ژێر سایەی دیکتاتۆردا و دارمان و ڕووخانی زیندانەکان، مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیە کە بەندەر یەکێک بوو لەو قوربانیانە هەستیان بە ئازادی و دارمانی زیندانە دەرەکی و ناوەکییەکەی دەروونیان کرد؟ بەندەر دوای ئازادکردنی لەلایەن ئەمریکییەکان و قۆڵبەستکردنی جەللاد و بەڕێوبەرانی ناو زیندان و گێڕانەوەی بەسەرهاتی ژیانی بەندەر لەلایەن ئەوانەوە بەم چەشنە ڕووبەڕووی بەسەرهاتی خۆی دەبێتەوە، کە ئەو دایکی ژنێکی فەیلی بووە بە ناوی ئیسرا مەلەکشاهی کە ئەفسەرێکی باڵادەستی ڕژیمی بەعس بە ناوی یاسر شاهین دەکەوێتە عەشقی دایکییەوە و پەیمان دەداتە ئیسرا کە ئەگەر ببێتە دۆستی دەیباتە دەرێ و بە نهێنی دەیکاتە هاوژینی خۆی، بەڵام ئیسرا مەلەکشاهی داواکەی ڕەت دەکاتەوە و جگە لە قێز و نەفرەت هیچ هەستێکی تری بۆ ئەفسەر نابێت. (لاپەڕە ٤١٥) هەر بەو هۆکارەش ئەفسەر بڕیاری لە سێدارەدانی ئیسرا جێبەجێ دەکات و بەندەر لە ڕۆژی لە سێدارەدانی دایکی دێتە دنیاوە. یاسر شاهین داوا لە سەرۆک دەکات کە لێی گەڕێن تا منداڵەکە بمێنێتەوە تا وەک سەرباز و خزمەتکاری سەرۆک گەورە ببێت. (٤١٩) ئەو ئامانجەی کە پێشتر باسی لێ کرا کە تەواو دامودەزگا ئایدیۆلۆژییەکان دەیانەوێت، کە کەسەکان بکەن بە بەشێک لە خۆیان.

یاسر شاهین دوای لە سێدارەدانی ئیسرا و لە دایکبوونی کوڕەکەی سەدان فەیلی کوشتووە، وەک ئەوەی ویستبێتی بە شاردنەوە و ناشتنی فەیلییەکان ناکامی و دۆڕانی گەورەی خۆی بنێژێت و بیشارێتەوە (٤٢٥)، ئەمەش جۆرێکی تر لە توندوتیژیی ئاشکرا پیشان دەدات کە بە ڕۆژی ڕوون و لەبەرچاوی تەواوی ڕێکخراوەکانی مافەی مرۆڤ ئەو کارەساتە ڕووی داوە، بێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێک لەلایەن ئەو کەسانەی ئیش بۆ (نا بۆ توندوتیژی دژی کەمینەکان) دەکەن گیرابێت.

بەندەر هیچ کات هەست بە سەربەستی ناکات، چونکە لەلایەن هێزە ئەمریکییەکان بە شێوازێکی دی بەر پەلامار و توندوتیژی درابوو، بەر کامێرای توندوتیژی ئەوان چون «ئەمریکییەکان هەموو شتێکیان بۆ پێش کامێراکان دەویست» (٤٠٤) بە وتەی ژیژەک کە ڕەخنەی جیددی ئاراستەی وڵاتانی ڕۆژاوا دەکات و پێی وایە وڵاتانی لیبراڵی ڕۆژاوا لەژێر ناوونیشانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان زیاتر پەرەیان بە توندوتیژی داوە، کەواتە بەم جۆرە بیر و بۆچوونانە توندوتیژی لە پاشخانی لایەنگرانی (نا بۆ توندوتیژی) زیاتر بوونی هەیە و بەرهەم دێت.

بەندەر فەیلی دەبێتە خۆراکی ڕاگەیاندنەکان و کۆمپانیاکان، هەرکام بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێت ژیانی بنووسنەوە و بە تەواوی جیهاندا بڵاوی بکەنەوە، بەندەر ئەم جارەیان دەکەوێتە بەر توندوتیژیی سیستماتیک کە ئەم جۆرە لە توندوتیژییە بە ڕای ژیژەک کە پێشتریش ئاماژەی پێ کرا، لەلایەن وڵاتانی بورژوازی و کاپیتاڵیستیدا ڕوودەدات.

ئەو کاتێک دەکەوێتە دەست ئەمریکییەکان دەیخەنە ماڵێک و دەرگاکەی لێ دادەخەن. «دەنگی

داخستنی دەرگاکە لە گوێیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو لەگەڵ دەنگی داخستنی دەرگاکانی زیندان» (٣٩٤)

بەندەر نەیدەتوانی جیاوازی نێوان ماڵ و زیندان لە یەکدی جیا بکاتەوە، بۆیە بە سەرسامییەوە دەپرسی «زیندانە یان ماڵ» (٣٩٤) دروستکردنی فیلمی بەندەر لەلایەن کۆمپانیا زەبەللاحە ئەمریکییەکانەوە و بڵاوکردنەوەی لە سەرتاسەری دنیادا، لافاوی چاوپێکەوتنەکان کە هەموو شاند و گرووپ و تاقم و پارتێکی لە خۆ دەگرت، کامێرای ڕاگەیاندنەکان هەموو ئەمانە هەستێکی ناخۆشی لای بەندەر دروست دەکرد، هەستێک لە ئەشکەنجە و خنکان، ئەو بە گومان بوو لەوەی ئازاد بێت، چونکە دەیزانی کە هەموو کۆمپانیا و میوانەکان هەموو شتێکیان تەنیا بۆ پێش کامێرا دەویست.

بەندەر قوربانیی توندوتیژییەکی هەمەلایەنە بوو کە هێڵەکەی لە ڕژێمی بەعسی شۆڤینییەوە دەستی پێ دەکرد و بەرەو وڵاتانی سەرمایەداری درێژ بووبووەوە. ئەمە ئەو توندوتیژییە شاراوەیە بوو کە ژیژەک باسی لێ دەکات، ئەو پێی وابوو ئەو توندوتیژییەی لەم سەدەیەدا دەستی پێ کردووە، ئەشکەنجەیەکی ڕوحی چاخی مودێرنە کە تەواوی کۆمەڵگە لیبراڵەکان تێوەی گلاون، چونکە بە ڕای ژیژەک، ئەم کۆمەڵگەیانە لەژێر ناوونیشانی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و تاد... وەهم و گومانی ئەخلاقی دروست دەکەن، چونکە ئەوان دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کە یەکەم هێزی گەورەی جیهانن کە ئیش بۆ نەمانی توندوتیژی دەکەن و دەیانەوێ هەموو شتێک بەو ڕێڕەوەدا تێپەڕێ کە ئەوان دەیانەوێت. «زیندان، ماڵ، بەندەر» (٣٩٦) ئەم سێ وشە بۆ بەندەر وەک سووڕانەوە بوو لە ناو جوغزێکی بەتاڵدا کە کەیهان مەحکوومی کردبوو بە گەمەیەکی هەتاهەتایی.

## جۆرەکانی توندوتیژی لە بەندەر فەیلی

١. توندوتیژیی ئاشکرا، یان کارا:

ڕژێمی بەعس بە کوشتن، لە سێدارەدان، دەربەدەرکردن و دەستگرتن بە سەر ماڵ و حاڵیاندا، ئەم جۆرە توندوتیژییەی دەرهەق بە فەیلییەکان ئەنجام داوە (٢٥). «حەوت ساڵ لەمەوبەر کە دەوڵەت لە سەرتاسەری وڵاتدا هەموو فەیلییەکانی کۆکردەوە و بە لۆریی گەورە هەموویانی گواستەوە بۆ سەر سنوور و تاقی نەهێشتن» (٦١)، ڕژێمی بەعس بەمانەوە نەوەستا و هێرشی زۆر توند و دڕندانەی کردە سەریان و پەلاماری ئافرەت و منداڵی دا و بەشێک لە پیاوەکانیانی کوشت و بنبزر کرد (٢٦). «سەدام حسێن هەموویانی بە ئێرانی حیساب کرد. بۆ؟ ها ... بۆ؟ نازانم بەڵام زۆری لێ کوشتن، ئەوەشی مایەوە ناردنی بۆ تاراوگە» (٩٧).

٢. توندوتیژیی شاراوە:

(بەرکار) کە بەسەر دوو جۆری سیمبۆلیک و سیستماتیک دابەش دەبێ.

٣. توندوتیژی سیمبۆلیک

١-٢- پاکتاوی نەژادی: «لەو سات و سەردەمەدا ڕۆژگاری پاکسازیی فەیلییەکان بوو، وڵات خۆی بۆ جەنگێکی گەورە دژی ئێرانییەکان ئامادە دەکرد. « (٤١٨).

٢-٢- سووکایەتی پێ کردن: «فەیلییەکان لە جوولەکەکان پیسترن» (٦١)، ئەم جۆرە توندوتیژییە دەچێتە خانەی توندوتیژیی زمانییەوە.

٣-٢- دروستبوونی هەستی زیندانیی هەتاهەتایی لە دەروونی بەندەردا، ئەم جۆرەش دەچێتە خانەی توندوتیژیی عاتیفییەوە.

٤-٢- چاندنی بیروباوەڕ و ئایدیۆلۆژی ڕژێمی بەعس لە زەین و نیگای بەندەردا. فێرکردنی

بەنـدەر بـۆ ئـەو وشـانەی لای ئـەو ڕژێمـە پیـرۆز بـوون. «بەعـس، سـەدام، بەغـدا» ( (٩١).

٥-٢- بردنـی بەنـدەر بـۆ بینینـی لەسـێدارەدانی کەسـەکان و چاندنـی تـرس لـە دڵـی ئـەودا. «بەڕێوەبـەر دەسـتی منداڵەکـەی گـرت و تـا لای لاشـەکانی بـرد» (٤٨)

٣. توندوتیژیی سیستماتیک:

١-٣-فرۆشتنی بەندەر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە.

٢-٣- سووکایەتی پێ کردنی سەربازە ئەمریکییەکان بە بەندەر(٣٧٣).

٣-٣- هەبوونـی ڕاگەیاندنـەکان، جۆرێکـی تـرە لـە توندوتیژیـی سیسـتماتیک (٣٧٩).

٤-٣- هەسـت بـە بەرهـەم هاتنـەوەی دووبـارەی دیلیەتـی لە دەروونیـدا (٤١١).

٥-٣- بوونی ڕێکخراوە ساختەچییەکان (٤٣٧)

٦ -٣ - دروسـتبوونی هەسـتی نائومێـدی، نەفـەس گیـران، تـرس، غەمناکـی (٤٣٨-٤٤١)

٧-٣- بازرگانیکـردن بـە فیلـم و وێنەی بەندەرەوە (٤٠٢).

٨-٣- فرۆشتنی بەندەر لەلایەن ئەمریکییەکانەوە بە کۆمپانیاکان (٤٠٢).

٩ -٣ - لافـاوی چاوپێکەوتنـەکان، بەنـدەر دەیزانـی کـە هەمـوو ئـەو کەسـانەی دەچـن بـۆ دیـداری هەمـوو شـتێکیان بـۆ پێـش کامێـرا دەویسـت (٤٠٣ -٤٠٤).

١٠-٣- دروسـتبوونی هەسـتی وەڕەزبـوون و بێقـەراری لـە کامێـرا و میوانـە سـاختەکان لـە دەروونـی بەنـدەردا. (٤٠٤).

١١-٣- بەسـەرهاتی بەنـدەر کـە بـووە خۆراکـی ڕاگەیاندنـەکان (٣٧٩، ٣٨٢، ٣٨٣).

## دەرەنجام

ئـەم دوو ڕۆمانـە هەموو جۆرەکانـی توندوتیژی لەخۆ دەگـرن و هەڵگـری دەیـان نموونـە لـەو تاوانانـەن کـە دەچنـە خانـەی ئـەو جـۆرە توندوتیژییـەوە کـە ژیـژەک بـە ڕاشـکاوی شـرۆڤەیان دەکات. نووسـەری هـەر دوو ڕۆمـان لـە زمانـی کەسـایەتییەکانی چیرۆکەکەیانـەوە (سـارا و بەنـدەر) وەک کۆنوێنـەری دوو کەمایەتـی جـوو و فەیلـی لـەو وڵاتـەدا بـەم چوار هۆکارە تووشـی توندوتیـژی و گیروگرفـت هاتـوون. یەکـەم سـارا، چونکـە جـوو و بەنـدەر، چونکـە شـیعەی ئێـران بـوو، دووەم هـەر دوو چونکـە کـورد بـوون، سـێیەم چونکـە بـە بێگانـە لـە قەڵـەم دەدران (ئیسـرائیل، ئێرانـی) و چوارەم چونکـە بەشـێکی گرنگـی بـازاڕ لە ژێـر چنگی ئەوانـدا بـوو. لـەم نووسـینانەدا توندوتیژیـی ئاشـکرا و شـاراوە و ناهێماییـن بـە شـێوازگەلی جۆراوجـۆر کاریگـەری نەرێنـی و نەشـیاویان بـە سـەر فەیلـی و جووەکانـدا هەبـووە. نـە تەنیـا توندوتیژیـی فیزیکـی، ئاشـکرا و ڕاسـتەوخۆ، بەڵکـوو فۆرمگەلێکـی زەریفتـر لـە نەفـرەت، تووڕەیـی و فریودانیـش لەخۆدەگرێـت. ئـەو فاکتەرانـەی کـە لـە سـەرەتاوە لـە هـەردوو ڕۆمانـدا دەوریـان بـۆ پەرەپێدانـی توندوتیـژی گێـڕاوە، بنیادگەرایـی ئایینـی بـووە، پاشـان نوێنەرانـی سـەرمایەداری و وڵاتانـی لیبـراڵ کـە بـە ڕواڵـەت هەسـت بـە بەرپرسـایەتی مافـی مـرۆڤ دەکـەن، بـە هەمـان شـێوە ڕۆڵـی نەرێنییـان لـە فریـودان و تاڵانکردنـی ئابـووری و کولتـووری بـووە، هـەر ئەمەش ئـەو پرسـیارە جیددییـەی ژیـژەک بەرجەسـتە دەکات کـە ئایا بـە ڕاسـتی ئایین، سـەرمایەداری و تەمـەدون بـۆ ئـەوە هاتـن کـە دژایەتـی توندوتیـژی بکـەن، یـان خۆیـان ببنـە فاکتـەری سـەرەکی دروسـتبوونی توندوتیـژی؟ ئایـا ئـەوی دی بـوون و دراوسـێ بـوون بـە مانـای دوژمـن بوونـە؟

نووسـەرانی نیشـتمانی سـارا و بەنـدەر فەیلـی ڕاشـکاوانە وەڵامی ئەو پرسـیارانە دەدەنەوە و پێیان وایـە هەمـوو ئـەو نموونـە ناوبراوانـە لەگـەڵ خۆیانـدا

توندوتیژییەکی ڕادیکاڵ و نوێیان بەرهەم هێناوە، کە دەرکەوتنێکی زۆر ڕادیکاڵتر و ئاڵۆزتریان لە بەراورد لەگەڵ توندوتیژییە کلاسیکییەکاندا هەیە. ئەوان ئێمە تا دەروونیترین توێژەکانی تووڕەیی و نەفرەت ڕێنوێنی دەکەن و پیشانمان دەدەن کە چۆن کۆمەڵکوژی، جنێو و سووکایەتی پێکردن بە ئایین و ڕەگەز، فریودان و پەراوێزخستن و سەدان توندوتیژیی دیکە دەتوانێ یەک بە یەکی ئێمە سەرشکێن بکات.

ئەوان باس لە بەرپرسیارییەتی تاکەکەسیمان دەکەن، خەون بە چالاک بوون، بەشداری کردن و پاشگەزنەبوونەوە دەبینن. ئەوان بیرمان دەخەنەوە کە هەندێک جار بێ هەڵوێستی و دەستەوەستان بوون وەک خراپترین ڕەهەندی توندوتیژی دەردەکەوێت. ئێمە دەبێ فێر بین بیربکەینەوە لەوەی کە چۆن هەوڵی ئەوی دی گەورە بەردەوام لەگەڵ شکست ڕووبەڕوو بکەینەوە، تا بەو ئاکامەی ژیژەک بگەین کە «ئەوی دی (٢٧) گەورە بوونی نییە». دەبێ هێزێک لە دەروونی هەر تاکێکدا بێت و بنەمای سەرەکی ئەخلاقی لە سەر ئەو دامەزرێنێت و بەردەوام لای خۆی بڵێتەوە «بە ئەوی دییە (٢٨) چەوساوەکان وەفادار بمێنە».

**پەراوێزەکان:**

٢٤- کوردە فەیلییەکان کە ڕێبازی شیعەبوون و بە ڕەچەڵەک ئێرانی ناونووس کرابوون، لەو وڵاتە هەمیشە بەر هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارانی عێراق بووبوونەوە. لە ساڵی ١٩٦٨ کوردە فەیلییەکان ڕووبەڕووی شاڵاوی توندی ڕاگواستن و لەناوبردن دەبنەوە و سەرۆکی ئەو کاتی عێراق ئەوان لە هەموو تۆمارەکان دەسڕێتەوە.

٢٥- ڕۆمانی بەندەر فەیلی، ل٦١.

٢٦- دەرکردنی بڕیاری ٦٦٦ لە ساڵی ١٩٨٠ کە بە پێی ئەو بڕیارە مافی هاووڵاتیبوون لە فەیلییەکان سێنرایەوە و دەست بە سەر ماڵ و سامانەکەیاندا گیرا.

٢٧- لێرەدا ئەوی دی لە بەستێنی هزری (لاکانی) دا مەبەست یاسا و زمان و هێزە داگیرکەرەکانە.

٢٨- لێرەدا ئەوی دی بە واتا لێڤیناسییەکەی مەبەستە، کاتێک لەبەر هۆکاری لێک نەچوویی ڕەگەز و زمان و ئایین دەخزێنرێتە پەراوێزەوە.

**سەرچاوەکان:**


١- ئابراهام، میران (٢٠١٩)، نیشتمانی سارا، دەزگای چاپ ئەندیشە، سلێمانی.

٢- بەختیار، عەلی (٢٠٢٢)، بەندەر فەیلی، چاپەمەنی ڕەهەند، سلێمانی.

3 - Hobbes, Thomas (1969), The English Works of Thomas Hobbes of Malmesbury, vol 3, Leviathan, collected and edited by William Moleswortth, John Bonhn Henrietta Street, Covent Garden: London.

4 - Myers, Tony (2004). Slavoj Zizek, London: Routledge.

5 - Rasmussen, E. D. (2004) «Liberation Hurts: An Interview with Slavoj Žižek,» Electronic book review available at: http://elecrtonicbookreview.com/thread.

6 - Waddington, P.A.J., D. Badger and Bull R. (2004), «Appraising the Inclusive Definition of Workplace ‘Violence«. British Journal of Criminology, 45, 141–164.

7 - Žižek, Slavoj. 2008, Violence: Six Sideway Reflections. New York: Picador.

8 - Žižek, Slavoj, 2005, The Obscenity of Human Rights: Violence as Symptom, in www.Lacan.Com.